

# هووشەکاری (مبالغة) لە شیعری کوردیدا

کاروان مەهدی

**دەستپێك**

هووشەکاری وەکو هەر یەکێك لە هونەرەکانی تری ڕەوانبێژی لەپێناو جوانکاری و ئیستاتیکای دەربڕین بەکاردەهێنرێ و لە خزمەتی شیعردا تەواو دەبێ. ئەگەر نەڵێین هەموو، ئەوا زۆرینەی شیعری ئەدەبیاتی گەلان بریتییە لە هووشەکارییەکی بەرزی دەلالات و شیعریش بێ ئەم هووشەکارییە یەکێك لە خاڵە جیاکەرەوەکانی خۆی لەگەڵ ژانرەکانی تری ئەدەب لەدەست دەدا.

شیعری کوردی چەشنی سەرجەم میللەتانی تری دونیا بەدەر نیە لە هووشەکاری و شاعیرانی کورد بە جوانترین شێوە ئەم هونەرەیان لە شیعرەکانیاندا بەکارهێناوە، بەشێوەیەك ئەداو تەوزیفیان کردوە کە ئاسان نییە بڕوا بە وەسف و پێ لێ هەڵبڕینە زیادەڕەوەکانیان نەکەین. ئەم کورتە باسە هەڵوەستەیەکی شیکاریی ئەو پانتاییەیەو لە دوو تەوەردا دەیەوێ تیشك بخاتە سەر بەکارهێنانی ئەم هونەرە لە شیعری کوردیدا. لە تەوەری یەکەمیاندا پشت دەبەستێ بە چەند پێناسەیەکی ڕەوانبێژانی عەرەب و کورد، تەوەری دووەمیشیان تەرخانە بۆ جۆرەکانی هونەری هووشەکاری، بەنموونەی شیعری کوردی، پاشان بە چوار خاڵ ئەنجامگیرییەکمان خستۆتەڕوو و لە کۆتایشدا ئاماژەم بە سەرجەم سەرچاوە سوودلێوەرگیراوەکان کردووە. بەهیوایین هەڵوەستەیەکی بەپێزمان لەسەر ئەم هونەرە کردبێ.

**پێناسەی هونەری هووشەکاری:**

هووشەکاری یا (زێدەڕۆیی) یەکێکە لە هونەرەکانی جوانکاریی گوزارەیی و لە ڕەوانبێژیی عەرەبیدا بە (مبالغە) ناونراوە و بریتیە لەوەی کاتێك باسی شتێك دەکەیت زێدەڕۆیی تێدا بکەیت و زیاد لە سنوری خۆی تێپەڕێنی و

هەندێجار لە سنوری عەقڵ و مەنتیق دەچێتە دەرەوەو هەندێجاریش ئەوەندە ئەستەم باسی دەکرێ، هێنانەدیی دەبێتە مەحاڵ.

**عەلائەددین سەجادی بەم شێوەیە پێناسەی هووشەکاری دەکات:**

"ناساندنی ئەم بابەتە ئەوەیە سیفەتێك بۆ شتێك بوترێ پێچەوانەی ڕاستی بێ، بەڵام ئەبێ نەختێکیش بەڕێ و جێ بێ، لەوانە نەبێ کە بە تەواوی درۆ بێ"(1) بەپێی ئەم ڕایە بێ، دەبێ هووشەکاری مەرجی شیاوی خۆی هەبێ لە هۆنینەوی وەسفەکەیدا، نەك بریتی بێ لە درۆیەکی ڕووت.

(عەزیز گەردی)یش دەڵێ: "هووشەکاری ئەوەیە کە نووسەر یا هۆنەر باسی شتێك بکات و لەو باسکردنەدا بە تەواوی پێی هەڵبڕێ و هووشی بکاتێ"(2) ئەم پێناسەیەش جەخت لە پێ هەڵبڕینێکی بێ ئەندازە دەکاتەوە لە وەسفدا، بۆ ئەوەی لە وەسفی ئاسایی جیا بێتەوەو بگاتە ئاستی هووشەکاری.

(احمد مصطفی المراغي)یش بەوە پێناسەی دەکات کە: "بریتییە لە ڕاگەیاندنی وەسفێکی زۆر یان کەمی شتێك بە ئاستێکی ئەستەم و دوور لە ڕاستی"(3) مەراغیش سیفەتی ئەستەمی و نامومکینی ڕوودان و ناڕاستیی ئەم وەسفە بە خەسڵەتەکانی هووشەکاری دەزانێ.

(قدامە بن جعفر)یش دەڵێ: "هووشەکاری ئەوەیە کە شاعیر ئاماژە بە بارێك یا حاڵەتێك لە شیعرەکەیدا دەکات بۆ ئەوەی ئەوە بپێکێ کە مەبەستییەتی، بەردەوام دەبێ لە وەسف تا زیادەڕەوی لە مانای ئەوەدا بکات کە مەبەستییەتی و بەهۆی هووشەکارییەکەوە بگاتە خاڵی پێکان"(4) قوداماش هووشەکاری بە خاڵی پێکان و مەبەست دادەنێ و بە تاکە ڕێگای بەیانکردنی تەواوی ئەوە دادەنێ کە مەبەستییەتی.

(امام جلالدین محمد بن عبدالرحمن القزويني الخطیب)یش پێناسەیەکی هاوشێوەی ئەمانەی سەرەوە دەکات و دەڵێ: "هووشەکاری ڕاگەیاندنی وەسفێکی بەهێزی یا بێهێزی زیادەڕەوە تا دەگاتە ئاستێکی ئەستەم و دوور"(5).

**زانایان لەسەر هووشەکاری سێ ڕایان هەیە:**

یەکەم/ ڕەتکردنەوەی ڕەها (الرفض المطلقا): واتا بەشێوەیەکی ڕەها ڕەتی دەکەنەوە، بە پاساوی ئەوەی باشیی قسە لەوەدایە لە ڕاستییەوە بێتە دەرێ یا ڕاستیی لێ بتکێ.

دووەم/ پەسەندکردنی ڕەها: واتا بەشێوەیەکی ڕەها پەسەندی دەکەن، پاساویشیان ئەوەیە کە باشی و جوانیی شیعر درۆکەیەتی و باشترین قسەش ئەوەیە کە هووشەکاریی تێدایە.

سێیەم/ نە ڕەتکردنەوەی ڕەها و نە پەسەندکردنی ڕەها (التوسط بین الامرین) واتا بەجوانی پەسەند دەکرێ، ئەگەر هاتوو بە شێوەیەکی میانڕەوانە (الاعتدال) بوو، ئەمەش ڕای زۆربەی زانایانە. ڕەتی دەکەنەوە ئەگەر هاتوو بەشێوەیەکی درۆ و خۆهەڵکێشان و پێ ڕاکێشانی لەڕادەبەدەر بوو و بەدگۆییانە بەکارهێنرا. لەناو ئەمانەدا (ابو نواس، ابن هانئ الاندیسي، المتنبي، ابو العلاء) دەبینرێت.

**پلەکانی یا جۆرەکانی هووشەکاری:**

1-تبلیغ: "بریتییە لە وەسفێکی بەهێز یا بێهێز، کە ئەگەری ڕاستیی تێدایە، مەرجە وەسفکراو یا سیفەتەکە بەپێی عەقڵ یا دابونەریت شیاوی ڕوودانیان هەبێ"(6)

ئەدەب دەڵێ:

*تا تێك نەچێ بەبادی سەبا، چینی طوڕەکەی دەرناکەوێ چ خوێنێ دەکا، ئەم طەڕیدەیە..*(7)

واتا: تا "با" ی سروه، چینی قژو کاکۆڵی تێك نەدا، دەرناکەوێ کە ئەم یارە نێچیروانە، لە دووتوێی داوە قژەکانیدا چەندان دڵداری بە داوە قژەکانیەوە بوون و چ تاوان و چەندان خوێنی کردوە.

سەیر دەکەین ئەم دێرە شیعرە هووشەکاریی تێدایە، بەڵام ڕووشی داوەو دەشێ ڕوو بدا، کە ئافرەتێکی جوان ببێتە نێچیروانی دڵان و بەو هۆیەوە چەندین دڵدار ببونەتە نێچیر.

سالم دەڵێ:

*سا شەرحی وەصفی تۆ بە چ وەجهێ بکەم ئەدا*

*هەرچی خەیاڵی من هەیە دەیڵێم و بەرتەری*..(8)

هەم لەڕوی عەقڵەوەو هەم لەڕووی دابیشەوە ڕێ دەکەوێ کە زمان لە ئاستی وەسفی جوانیی ئافرەتێك بوەستێ‌و هەرچەندە ڕستەو پەسن بەدوای یەکدا ڕیز بکەی و خەیاڵ ماندو بکەی، ناکاتە جوانیی ڕاستەقینەی ئەو ئافرەتە.

ئەدەب دەڵێ :

*شۆخی چین، تورکی خەتا، زیبی خوتەن، ماهی تەتار*

*شۆڕی شار، ئاشووبی موڵك و ئافەتی هەرکیشوەرە*..(9)

هەم لەڕووی عەقڵەوەو هەم لەڕووی نەریتەوە شیاوە کچێك ئەوەندە جوان بێ و ببێتە مایەی پشێویی مەملەکەت و دەردەسەریی وڵاتان، مێژووش لە (ئەلیادە)ی (هۆمیرۆس)ەوە شایەدی شەڕێکی دە ساڵەیە لەسەر جوانیی (هێلین).

مەریوان وریا قانع دەڵێ :

*کاتێك جەنگم لە دوژمنەکانم بردەوە*

*بە یەکێکیان چەپکێ گوڵ و*

*بەوی دییان دێڕێك لە کتێبی حیکمەت و*

*بە سێیەمیش چڵێك بەرائەتم بەخشی*..(10)

لەڕووی عەقڵەوە ڕوودەدات کەسێك جەنگ بباتەوە و بە میهرەبانی لەگەڵیان هەڵسوکەوت بکات، بەڵام نەشبووە بە نەریت و باو کە بەو شێوەیە ڕەفتاربکرێ.

2–الاغراق: بریتییە لەوەی کە وەسفەکە ئەقڵانی بێت، بەڵام نەریت نەبێ، واتا لەڕووی ئەقڵەوە شیاوی ڕوودانی هەبێ و بەس نەبووبێ بە نەریت و باو نەبێ.(11)

بەختیار عەلی دەڵێ:

*چ خۆشە شاعیران باسی شکۆفەم بۆ ناکەن*

*من کارم بە غەزەلیان نەماوە*

*با نەیەن... با ڕوو نەکەنەماڵم، حاشا لە جیناس و تیباقیان، حاشا لە کێش و*

*سەروایان، حاشا لە تەدویر و تەشبیهیان. من دڵم بۆ شکۆفەیەك لێدەدا*

*سرکتر لە هەر وەسفێك، دڵم بۆ وشەیەك دەسووتێت، نوتقی ئەو لە نوتقی خوێنم جیا نابێتەوە، نوتقی ئەو هاوڕێیە بە ئاوابوونی دونیا، هاوڕێیە بە سەرهەڵدانی تۆفان، هاوڕێیە بە هەستانی قیامەت، هاوڕێیە بە نەفخی ئاخر زەمان*..(12)

دەشێ عەقڵمان بڕوا بەو وەسفانە بکات و کارمان بە شاعیران و هونەرەکانیان نەبێ و شکۆفەیەك بخەینە بەر دیدەمان لەگەڵ ناوهێنانی، دونیا ئاوابێ و تۆفان سەرهەڵداو نەفخی سوور لێداو ئاخر زەمان ڕووبدا، بەڵام هەرگیز حاشاکردن لە شاعیران نەبووە بە نەریت و ناوهێنانی شکۆفەیەکیش یا خۆشەویستی بۆ شکۆفەیەك، کە ڕەنگە ئافرەتێك بێ هەرگیز کۆتایی بە دونیا ناهێنێ و ئەوەی کە باوە و نەریت بڕوای پێ هەیە، ئەوەیە کە خودا ئەو هێزە نادیارەیە، کە بڕیار لە کارەسات و کۆتایی دونیا دەدا.



**قوبادی جەلیزادە** لە قەسیدەی (جەنازە)دا دەڵێ:

*دوو مەلائیکەتت دێنە سەرێ لێت دەپرسن:*

*ژن چی بوو؟*

*وەرامیان بدەرەوە و بڵێ:*

*پێش ئەوەی مەمك لەبەر چنگم ڕابکات*

*من پەنجە گوناهبارەکانی خۆم هەڵوەراند*

*بەتوڕەییەوە پێت ئەڵێن،*

*ژن چی بوو؟*

*بە کەلامێکی مەلیح، بە لیسانێکی فەسیح*

*وەرامیان بدەرەوە بڵێ:*

*ژن کێڵگەیەك مین بوو، بە کاشیفەی خۆشەویستی و بە بەرائەتی بەفر بەناویدا تێپەڕیم،*

*کەچی هەرچوار وەرزی پەڕاندم..*(13)

نالی دەڵێ:

*کوشتەی نیگاهی دیتە، گەرمەست، ئەگەر خەراپ*

*بەستەی کەمەندی زوڵفتە، گەر شێخ، ئەگەر سولوك*

هەمووی کوژراوی تۆن ئەی یار چ مەست، چ سەرخۆش، چ شێخ و مورید، هەموویان کێشکراوی تیلە نیگای تۆن، لەڕووی ئەقڵەوە دەشێ شێخەکانیش موبتەلای نیگای یار بن، بەڵام نەبۆتە دابی کۆمەڵ و پێچەوانەی نەریتە.

لە دێڕێکی تردا نالی دەڵێ:

*گەر بڵێم: شەمی، دەڵێ: ئەو خۆش ڕووە بێ پەردەیە*

*وەر بڵێم سەردی، دەڵێ: ئەو ئەحمەقە کوا گفتوگۆی!*..(14)

نالی لەم دێڕەدا وەسفی یار دەگەیەنێتە ئاستی خۆر و داری سەروو، کەچی یار هەر ڕازی نییە و بەهۆی مەحکومبونی خۆر بەوەی ڕووی لە دەرەوەیە و سەرووش بەهۆی قسەنەکردن و بێدەنگییەوە، کە بە کەر ناوی دەبات، هەردوو بەڵگەکە ئەقڵانییە، بەڵام پێچەوانەی عورفی گشتییە، کە جارێ سەروو بە کەر و گاهێ خۆمان جوانتر لە خۆر ببینین.

3–الغلو: ئەو وەسفەی کە دەدرێتە پاڵ شتەکە، نە عەقڵانییە و نە نەریتیش ڕێگەی پێدەدات، ئەمەش شانۆی شاعیرانی ستایشکەر و داشۆرێنەو لە دوو جۆر پێکدێ، پەسەند و ناپەسەند.

پەسەندەکەش ئەم جۆرانەی خوارەوەی هەیە:

1–لکاندنی وشەیەك بە دەربڕینەکەوە بۆ ئەوەی وا دەربکەوێ کە ئەگەری ڕاستیی هەیە، وەك وشەی *(خەریکە)*.


2–جۆرێکی تەواو لە خەیاڵی ڕاستیی تێدا بێ.

3–بۆ مەخسەرەو پێکەنین خستنی بەرانبەر بێ.(15)

بەختیار عەلی دەڵێ:

*ئیشی من ئەوەیە دەریا تا سەر لێوی تۆ بهێنم، وا بکەم لە تەمدا جوانتر ببینیت،*

*نەهێڵم گوڵی حەوشەکەتان پیر بێت، نەهێڵم باغەکەتان بگری، نەهێڵم خوا لێت زویر ببێت..*(16)



مەحوی دەڵێ:

*ئیتتفاقی، ئافتاب ئانێ موقابیل بو بەڕووت*

*ئافەتێکی دی، نەما تابی، بوەستێ ڕووبەڕووت..*(17)

واتــا بــە ڕێکــەوت جارێکیــان ڕۆژ تاوێـك لەگـەڵ ڕووت ڕووبــەڕوو بــوو، دەردێکی وای بەسەرهات توانای نەما لە بەرابەرتدا خۆی ڕاگرێ.

جەمال غەمبار دەڵێ:

*ئەو بوو بە سوتیانێکی شینەوە*

*ئاسمانی بۆ هێنایە خوارێ و*

*ژوورەکەمی پڕکرد لە ئەستێرەی چاوگەش*

*ئەو بوو، فێری کردم*

*چۆن شەڕ لەگەڵ جێهێشتنا بکەم.*(18)

**ئەنجامگیری:**

لە کۆتایی ئەم کورتە باسەماندا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:

1–هووشەکاری بریتییە لە زێدەڕۆییکردن لە وەسف و باسی شتێك، بەجۆرێك لە سنوری ئاسایی خـۆی تێپـەڕێنێ، کە هەندێجار لە سنوری عەقڵ و مەنتیق دەچێتە دەرەوەو هەندێجاریش هێنانەدیی دەبێتە موستەحیل.

2–زۆربەی زانایانی ڕەوانبێژی پێ لەسەر سێ جۆری هووشەکاری دادەگرن، ئەوانیش (تبليغ، الاغراق، الغلو)ن.

3–هووشەکاری هونەرێکە زیاتر لە هەر هونـەرێکی تـری ڕەوانبێـژی، پەیوەسـتە بـە شـیعرەوەو سـیحریی جـوانیی شیعر بەشێکی زۆری لە هووشەکارییەکەیدایە.

4–شاعیرانی کورد چ کلاسیك و چ نوێ، بـە ڕێژەیـەکی زۆر ئـەم هونـەرەیان بـەکارهێناوە، دەتـوانین بڵـێین ئەگـەر شیعری کوردی دیوێکی بریتی بێ لە سەرجەم هونەرەکانی ڕەوانبێژی، ئەوا دیوەکەی تری هووشەکارییە، چونکە وەکو ڕایەڵێك ڕۆڵی لە بەکارهێنانی هونەرەکانی تریشدا هەیە، یاخود لە هەموو شیعرێکدا هەستی پێ دەکرێ.

**پەراوێزەکان:**

1- علاءالدين سجادی، خۆشخوانی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، 1978، ل109.

2- عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، بەرگی دووەم، جوانکاری، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر، 1975، ل101.

3- احمد مصطفی المراغي، علوم البلاغة، الصبعة الثانية، دار العلم، بيروت- لبنان، 1984، ل313.

4- قدامة بن جعفر، نقد شعر، تحقيق، كمال مصطفى، مكتبة الخانجي بمصر ومكتبة المثنى ببغداد، 1963، ص160-161.

5- امام جلالدين محمد بن عبدالرحمن القزويني الخطيب، التلخيص، ضبطة وشرحة، عبدالرحمن البرقوقي، دارالكتاب العربي، بيروت، 739هيجرى، ص 370.

6- احمد مصطفی المراغي، علوم البلاغة، ل 314.

7- ئەدەب، دیوانی ئەدەب، کۆکردنەوەو بەراوردو ساغکردنەوەو فەرهەنگ، محەمەد حەمە باقی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2005، ل801.

8- سالم، دیوانی سالم، کۆکردنەوەی، گیو موکریانی، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، 1972، ل145.

9- ئەدەب، دیوانی ئەدەب، کۆکردنەوەو بەراوردو ساغکردنەوەو فەرهەنگ، محەمەد حەمە باقی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2005، ل687.

10- مەریوان وریا قانع، کتێبی دڵشکان، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2005، ل243.

11- احمد مصطفی المراغي، علوم البلاغة، ل314.

12- بەختیار عەلی، بۆهیمی و ئەستێرەکان، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2000، ل44.

13- قوبادی جەلی زادە، قوبادی جەلی زادە، چاپخانەو ئۆفسێتی داناز، سلێمانی، 1998، ل446.

14- نالی، دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی، مەلا عبدالكريم مودرس و فاتح عبدالكريم، چاپخانەی رستمخانی سنە، 1979، ل255، 695.

15- احمد مصطفی المراغي، علوم البلاغة، ل315.

16- بەختیار عەلی، ئیشکردن لە دارستانەکانی فیردەوسدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2004، ل78.

17- مەحوی، دیوانی مەحوی، لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی، ملا عبدالكريم مدرس و محمدی ملا کریم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئۆفسێتی حسام، 1984، ل78.

18- جەمال غەمبار، مەنفاکان لێرەوە دەست پێدەکەن، چاپخانەی ئۆفسێتی ڕوون، سلێمانی، 1997، ل136.

**سەرچاوەکان:**

***بە کوردی:***

1-ئەدەب، دیوانی ئەدەب، کۆکردنەوەو بەراوردو ساغکردنەوەو فەرهەنگ، محەمەد حەمە باقی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2005.

2-بەختیار عەلی، بۆهیمی و ئەستێرەکان، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2000.

3–بەختیار عەلی، ئیشکردن لە دارستانەکانی فیردەوسدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2004.

4–جەمال غەمبار، مەنفاکان لێرەوە دەست پێدەکەن، چاپخانەی ئۆفسێتی ڕوون، سلێمانی، 1997.

5–سالم، دیوانی سالم، کۆکردنەوەی، گیو موکریانی، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، 1972.

6–علاءالدین سجادی، خۆشخوانی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، 1978.

7–عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، بەرگی دووەم، جوانکاری، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر، 1975.

8–قوبادی جەلی زادە، قوبادی جەلی زادە، چاپخانەو ئۆفسێتی داناز، سلێمانی، 1998.

9–مەریوان وریا قانع، کتێبی دڵشکان، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، 2005.

10– مەحوی، دیوانی مەحوی، لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی، ملا عبدالکریم مدرس و محمدی ملا کریم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئۆفسێتی حسام، 1984.

11–نالی، دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی، مەلا عبدالکریم مدرس و فاتح عبدالکریم، چاپخانەی رستمخانی سنە، 1979.

*بە عەرەبی:*

1–احمد مصطفی المراغي، علوم البلاغة، الطبعة الثانية، دار العلم، بیروت– لبنان، 1984.

2– امام جلاالدین محمد بن عبدالرحمن القزوینی الخطیب، التلخیص، ضبطة وشرحة، عبدالرحمن البرقوقی، دارالکتاب العربی، بیروت، 739 هیجری.

3–قدامة بن جعفر، نقد شعر، تحقیق، کمال مصطفی، مکتبة الخانجی بمصر ومکتبة المثنی ببغداد، 1963.